# ڕەهەندە بوونگەرایییەکانی ئاگر
# لە کۆشیعری "گەڕانەوەی زەردەشت"دا

محەمەد نەبی *
(سۆران)

(٢- ٢)

**٤-٢ ئاگر وەک ڕەگەزی بنەڕەتیی بوون**

شاعیر لەنێو چوار ڕەگەزەکانی بووندا، کە بریتین لە (ئاو، ئاگر، با، خۆڵ) بە وشەی (هەتاو) ئاماژە بۆ ئاگر دەکات:

**من دەمەوێ لەناو ڕووناکی نیشتەجێ بم**

**ئەو ڕووناکییە لەنێوان ئاو و هەتاو و گڵ و با دایە**

**ئەو ڕووناکییەی ڕاستییە..** (مەلا: ٢٠١٦: ٢٥).

لێرەدا شاعیر (ئاگر) و (ڕاستی)ی بەیەکەوە گرێداون، مەبەستی دۆزینەوە و کەشفی حەقیقەتە، واتە ئەوەی دەکەوێتە بەر ڕووناکی و لە دۆخی شاراوە (تاریکی) دێتە دۆخی دەرکەوتن (ڕووناکی)، دۆزینەوەی حەقیقەت (زانین) دەرچوونە لە تاریکی (نەزانین)، وشەی (ڕووناکی) کە شاعیر دەیبەستێتەوە بە ڕاستییەوە: (ئەو ڕووناکییەی ڕاستییە) بەلای ئێمەوە مەبەست لێی دەرخستنی بوونە، کە دەکاتە پەردە لەسەر هەڵماڵین و دەرکەوتنی حەقیقەتەکانی بوون و گەیشتن بە زانین، ئەو ڕووناکییەش لای شاعیر لە ئاگر و خۆرەوەیە، ڕەوێنەری تاریکییە.

ئاگر هەمیشە شتێک دەردەخات، تاریکایی دەڕەوێنێتەوە و بوون ئاوەڵا/ کراوە دەکات، بەمەش ئاگر دەبێتە ڕووناکی و هەتاو. وەک دەبینین شاعیر لە ئاماژەدانی بە چوار ڕەگەزەکە، لەجیاتی (ئاگر) وشەی (هەتاو)ی بەکارهێناوە.

ئێمە دەزانین شاعیر بەباشی ئاگاداری ئەم ڕەگەزانەیە: لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لەسەر (مەحوی)، ئەم چوار ڕەگەزەی بە (ماددە سەرەتاییەکان) داناون و پێی وایە ئەمانە توخمە پێکهێنەرەکانی بوونن. (بڕوانە: ئەحمەدی مەلا: ٢٠١٣: ٢٦٠)، کەواتە (هەتاو) لەم کۆپلەیەی شاعیردا لەجیاتی ئاگرە. ئاگر چۆن هەتاوە؟ یان پێوەندیی هەتاو و ئاگر چییە؟ وەک پێشتریش گوتمان: بابەت (Theme)ی سەرەکی (گەڕانەوەی زەردەشت) بەلای ئێمەوە (ئاگر/ ڕووناکی)یە، ئەم ڕووناکییە سەرچاوەکەی (خۆر)ە، خۆریش ئاگر و هەتاوە، ئاگر و هەتاویش ڕووناکی و گەرمی و سەرچاوەی ژیانن. تەوزیفکردنی ئاگر

لای شاعیر زیاتر تەوزیفکردنێکە لەپێناو ژیان و ڕووناکی و ڕووناکبوونەوەدا؛ لەپێناو ئاوێزانبوونی بووندا نەک ڕاکردن لێی.

ڕووناکی لەم دەقەدا، چرا (هەتاو)ێکە بۆ ڕەواندنەوەی تاریکی. شاعیر بە تاریکی، شەڕ لەگەڵ تاریکی ناکات، بەڵکوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ تاریکی (ئاگر/ چرا)یەک دادەگیرسێنێت. وەک لەم کۆپلەیەدا هاتووە:

**ڕاستی ئەوەیە تاریکی بە شمشێر لەت و پەت نەکەین**
**بەڵکوو لەناو دڵی تاریکیدا چرایەک هەڵکەین**
**بە گەرچکی میهرەبانی دنیا ڕۆشن کەینەوە.**

(مەلا: ٢٠١٦: ٢١).

لێرەدا شاعیر پێی وایە نابێت چەساوە و چەوسێنەر هەڵگری هەمان ئایدیای خراپەکاری بن، بەڵکوو بۆ نەمانی تاریکی و خراپەکاری پێویستمان بە ڕووناکی و هێزی چاکە هەیە.

سەبارەت بە جێگۆڕکێکردنی خراپە و چاکە، ڕستەیەکی باو هەیە، دەگوترێت: (ئەوانەی دژی خراپە دەجەنگن، نابێ دواجار خۆیان ببنە خراپەکار) (٥) شاعیر هەمان پەیام دەگەیەنێت، بەڵام لە بۆتەی شیعردا، بەمانایەکی دی: شاعیر بۆ بەگژداچوونەوەی تاریکی، شمشێر ڕەت دەکاتەوە، چرا دەکاتە ئەڵتەرناتیڤی شمشێر.

ئەم گوتارە شیعرییە بەرپرسیاری دەخاتە سەر شانی مرۆڤ، مرۆڤ دەخاتە بەردەم بیرکردنەوەوە، دژ بە توندڕۆیی دێتە مەیدان.

توندڕۆیی لە ژیانی ڕۆژهەڵاتدا پرسێکی دانەبڕاوبووە و ئێستاش بەردەوامیی هەیە، بۆیە دەبینین ئەم پرسە بەهەمان شێوە لای (ئەدۆنیس)یش دەبێتە بابەتی شیعر، کاتێک لە دێڕێکدا دەڵێت: (ئایا ژیان هەڵەیە تا کوشتن ڕاستی بکاتەوە؟). (ئەدۆنیس: ٢٠٠٩: ٩٦). ئەم پرسیارە شیعرییە پرسیارێکی جەوهەریی مرۆڤدۆستییە، گوتاری شیعر لێرەدا ڕووی لە گرووپ و کەسە توندڕۆکانی سەر بە ئایینە، بەوەی بیروڕای جیاواز ڕەت دەکەنەوە و پەنا بۆ کوشتن دەبەن، ئەم گوتارە شیعرییە مرۆڤ دەخاتە بەردەم بیرکردنەوەوە و پێداچوونەوە بە کارەکانی، ئەمە گوتارێکی شیعریی تۆلێرانسانەیە، شیعر دەبێتە هەڵگری پرسێکی ئینسانیی گەورە، بەبێ ئەوەی بوونە شیعرییەکەی ون بکات.



ئەحمەدی مەلا

### ٥-٢ ئاگر وەک بنەمای ئازادی، ئازادی وەک ڕووناکبوونەوە

ئازادی یەکێکە لەو پرسانەی زۆربەی بیرمەندان بە گرنگییەوە لێی دواون. بەبێ ئازادی، مرۆڤ ناتوانێت لە بوون تێ بگات و تیشکی بخاتە سەر. هایدیگەر لە نووسراوێکیدا بەناوی (لەبارەی بنەمای ڕاستی)، (حەقیقەتی بوون) بە تاکێکی ئازاد دەبەستێتەوە، پێی وایە تا تاک ئازاد نەبێت، حەقیقەت نادۆزرێتەوە، ئەم دۆزینەوەیەش دەکاتە کرانەوەی بوون بەهۆی ڕووناکبوونەوە، کە دەرخستن و تیشک خستنەسەریەتی

لەلایـەن بکەرێکـی ئـازادەوە. (https://assets.cambridge.org/97805218/01140/excerpt/9780521801140_excerpt.pdf)، کەواتـە ئاگـر و ئـازادی ڕەهەندێکـی بوونناسـانە وەردەگـرن، بـەوەی ئاگر بـە ئازادییەوە پەیوەستە، تاکی ئـازاد، بـە هۆشیاری و زانینـی خـۆی بـوون ڕوونـاک دەکاتـەوە، بەمـەش حەقیقەتـی بـوون دەردەخـات، کۆیلـە نـکارێ هەڵگـری حەقیقـەت بێ، حەقیقەتی کۆیلە تەنیا داننانە بە سـەروەر و ڕازیبـوون بـە چەوسـاندنەوە و قایلبـوون بـە دەسـەڵات و ئایدیۆلۆژیـا.

شـاعیر لـەم دیوانـەدا ئاگـر بـە ئازادییـەوە دەبەسـتێتەوە، ئازادیـش خۆبـوون و تاکایەتییـە. موفـرەدە شـیعرییەکان ئامـاژە بـۆ داگیرسـاندنی چرایـەک دەکـەن لـە لایـەن تاکێکـی ئـازادەوە، هـەروەک لـە کۆپلەیەکـدا دەڵێـت:

**تۆ کۆیلە نیت. نە بەندەی خۆتی نە بەندەی**
**ئاسمانان. بڵێ من بەندە نیم.**
**من تاکێکم وەکوو ڕێواس....**
**تۆ کۆیلە نیت**
**بەو دەستانە**
**چرایەک**
**لەسەر زەمین داگیرسێنە**
**ڕەنگە چرایەکیش نەبێ**
**هـۆ هـۆ لەسـەر زەمیـن چرایـەک داگیرسـێنە.**

(مـەلا: ٢٠١٦: ٤٩).

لێرەدا شاعیر ئەوی دی جیاواز لە پرسی ئازادی هۆشیاردەکاتەوە، ئەمـە جۆرێکە لـە پەرۆشبوون بـۆ ئـەوی دی، بـەڵام شـیعر لـەم پەیامـەدا نەبووەتـە گوتارێکـی پەروەردەیـی ئامـۆژگار (واعیـزی)، چونکـە موفـرەدە شـیعرییەکان لەنـاو هەمـان گوتـاری بـاودا نەگوێزراونەتـەوە، ئەمـەش بـە تایبەتـی لـە بەکاربردنـی وشـەی (ڕێـواس)دا دەردەکەوێـت: ڕێـواس ئاماژەیـە بـۆ تاکایەتییەکـی دانسـقە و سـەرپەڕ، دەچێتـە سـەر خۆبوونێکـی تایبەتمەنـد، بوونـی خـۆی سەرکەشـانە لـە سروشـتە دوورەدەسـتەکان ئـاوەڵا دەکات.

شـاعیر بەیانـی هۆشـیاری و تاکایەتـی دەکات، کۆیلەیـی ڕەت دەکاتـەوە: (بڵـێ مـن کۆیلـە نیـم، تاکێکـم وەکـوو ڕێـواس) هەڵبژاردنـی ڕێـواس لـە بەرانبـەر کۆیلەیی، نیشـاندانی ئازادیی ڕێواسـە لای شـاعیر. شـاعیر پێوەندییەکـی تۆکمـەی لەنێـوان مرۆڤ و سروشـتدا دروسـت کردووە. ئەو تێڕوانینەی (پـۆل ئێلـوار) لـە وتـاری (ئازادیـی ڕەهـای وشـە) سـەبارەت بـە شـیعر دەیڵێـت بـە ڕوونـی لێـرەدا ڕەنـگ دەداتـەوە: ((شـیعر لـە پێوەنـدی ژیـان و جیهـان، خـەون و خۆشەویسـتی، ئەویـن و پێویسـتی دروسـت بـووە، شـیعر چـرا دەگەڕێنێتـەوە نـاو نـاخ و بوونمـان)). (پـۆل ئێلـوار: ئـازادی ڕەهـای وشـە:گ. شـین ژ٣: ٢٠٠٤). شـاعیر لـە خۆشەویسـتیی ئـەوی دیـی جیـاواز، وەک (پێویسـتی)یەکی مرۆڤانـە، شـیعر دەکاتـە کەرەسـتەی ئـازادی و هۆشـیاری، دەیکاتـە چرایـەک، ئـەو چرایـەش بـە ئازادییـەوە دەبەسـتێتەوە، کـە نـاخ و بوونمـان ڕوونـاک دەکاتـەوە.

سـپاردنی ڕۆڵـی (داگیرسـاندنی چـرا) و ڕووناککردنـەوەی بـوون بـە مرۆڤـی ئـازاد، لای شـاعیر کارێکـی هـەروا لەخـۆوە نییـە، بەڵکـوو هـۆکاری هەیـە: ئاخـر دەرخسـتنی مانـای بـوون و بوونـی مرۆیـی کاری کۆیلـە نییـە، کاری مرۆڤێکـی سـەربەخۆیە، چونکـە کارێـک ئەگـەر لـە ویسـتێکی ئازادەوە نەبێت، کارێکی ساختەیە و بەشـێک نییە لـە حەقیقەتـی بکەرەکـە، بەڵکـوو هەڵبژاردنێکـی ناچارانەیـە لەپێنـاو بەخششـێک، یان لە ترسـەوەیە، بۆیـە ئەمـە جۆرێکـە لـە کۆیلایەتـی، کۆیلـە تەنیـا ئـەوە نییـە کـە دەسـت و پێـی زنجیرکرابـن.

لە زمانی کوردیدا لەبری مرۆڤی ئازاد، وشەی (سەربەخۆ)ش بەکاردێت. بۆ نموونە دەگوترێت (من سەربەخۆم، کەسێکی سەربەخۆیە...)، ئایا مانای چییە کەسێک سەربەخۆ بێت؟ واتە کەسێک جگە لە (خۆ)ی سەر بە (هیچ)ی تر نەبێ. زۆرجار گوێمان لێ دەبێت دەگوترێت: (خۆت بە)، واتە با ئەوانی دی جڵەوی ژیانت بەدەستەوە نەگرن. هایدیگەر بۆ هێزە دەرەکییەکان چەمکی (ئەوان They) بەکاردەهێنێت، ئەوان هەموو هێزێکی دەرەکییە لە (ئایین، حزب، عەشیرەت، تەکنۆلۆژیا، ئامێر و هەر ئایدیۆلۆژیایەک) کە نەهێڵن مرۆڤ (سەربەخۆ) بێت، بەڵکوو ناچاری دەکەن (سەر بە ئەوان)بێت. (بڕوانە: هایدیگەر: ٢٠١٣: ١٩٦). مرۆڤی سەر بە ئەوان، سەربەخۆ نییە، کەواتە شاعیر ئەرکی داگیرساندنی ئاگر/ چرا (ڕووناککردنەوەی بوون) بە مرۆڤی ئازاد دەسپێرێت. ڕووناککردنەوە، کە لە (داگیرساندنی چرا) بەرجەستە دەبێت، جۆرێکیشە لە ڕۆشنبوونەوە و ڕۆشنگەریی بوون.

دەبینین سەردەمی ڕۆشنگەری لە ئەورووپا، سەردەمی ئازادبوونی عەقڵە لەو کۆتانەی پیاوانی ئایین سەپاندبوویان، بۆیە هەروەک (کانت) لە وتارە بەناوبانگەکەیدا (ڕۆشنگەری چییە؟) ڕۆشنگەری دەبەستێتەوە بە توانایی بەکارهێنانی عەقڵ، بە شێوەیەکی ئازادانە و سەربەخۆ، دوور لە هەژموونی پیاوانی ئایین. (کانت: ٢٠١٧: ٢٦). بە هەمان شێوە ڕۆشنگەری و ڕۆشنکردنەوە لای شاعیر کاری تاکێکی ئازادە: تاکێک وەک ڕێواس: خۆ و سەربەخۆ.

جگە لە مانای ئازادی، کۆپلە شیعرییەکان لای شاعیر ئاماژەی گرنگی (خاک/ زەمین/ لێرەبوون)یان تێدان، داگیرساندنی چرا، ڕووناککردنەوەی تاریکاییەکە، بەمەش شیعر دەبێتە پرۆسەیەکی ڕۆشنگەرانە، (( هونەر ڕووناکییە، ڕووناکی لە بەرزییەوە دێت و دروستکەری جیهانە، دامەزرێنەری شوێنە)). (برەنز: گ. شیعر: ٣: ٢٠١٧). دروست کردن و دامەزراندن کردەی کەسێکی ئازادن، کەسێک ئازادی بۆی ببێتە ڕووناکیی بوون. شاعیر لەم کۆپلەیەدا، جارێکی تر جەخت لەسەر لێرەبوون دەکات، کە پێداگرتنە لەسەر بوون و جیهان، ئەویش بەکارهێنانی (زەمین)ـە: (بەو دەستانە لەسەر زەمین چرایەک داگیرسێنە)، ئەمە پەیامێکە، مانای زۆر لەپشتییەوە حەشاردراون: شاعیر دەیەوێت بڵێت: لەجیاتی ئەوەی ببیتە هۆی کاولکردنی زەمین و تاریکی بکەیت، لەجیاتی ئەوەی بەو دەستانە مرۆڤێک لەناوبەری، لەجیاتی ئەوەی گوڵێک سیس و ژاکاو بکەیت، چرایەک هەڵ بکە.

شاعیر لە چەند دێڕێکی تردا گوزارشتی لە (کار/ کردە) کردووە، هەروەک دەڵێت:

**لێرەیە نەمری، لەنێو ئەم مشتانەی بەڕووی هەڵگرتووە**

**لە قەدپاڵەکان لەنێو تاریکیی خۆڵ دەیخەوێنێ...**

(مەلا: ٢٠١٦: ١٤٦)

لەم کۆپلەیەدا (چاندنی بەڕوو) دەبێتە کارێک بکەرەکەی (نەمر) دەکات، ئەو مشتانەی بەڕوویان هەڵگرتووە نەمرن، ئەمە هاندانە بۆ کار و سەوزکردنی زەوی. (ئەمە مەودای توێژینەوەیەکی ژینگەناسی (ئیکۆلۆژی)ی پێویست و گرنگ لە دیوانەکە دەڕەخسێنێت، بەو پێیەی ئێستا ڕەخنەی ئیکۆلۆژی Eco-criticism یەکێکە لە ڕەوتە دیارەکانی بواری ڕەخنەی جیهانی). لە درێژەی دێڕە شیعرەکاندا، شاعیر دوای ئەم دێڕانە لە دیوانەکەدا، باس لە وەرزەکان دەکات، لە گەرمی و ساردی، بارانبارین و هەورەتریشقە،

دوای ئـەم دیـاردە سروشـتیانەی بەسـەر کاری مرۆڤـە ئازادەکـەوە دێـن، شـاعیر هەواڵی شـینبوونی داربـەڕوو ڕادەگەیەنێـت:

**دار بەڕوو شین دەبێ.** (مەلا: ٢٠١٦: ١٥١).

شـینبوون ئاوەڵابوونـی بوونـە لـە بـەردەم بوونـەوەران، ڕووناککردنـەوەی بوونـە، کارێکـە زەمیـن سـەوز دەکات.

### ٦-٢ ئاگر وەک بنەمای هۆشیاری

هۆشیاری چ پێوەندییەکی بە ئاگر و ڕووناکییـەوە هەیـە؟ ئاگر و بیرکردنـەوە چـۆن کۆدەبنـەوە؟ ئـەم پرسیارانە لەوێوە گرنگیی خۆیان وەدەست دێنن، کـە بـە گشـتی مەسـەلەکانی بیرکردنـەوە و تێهزرین زیاتـر بـە فەلسـەفە سـپێردراون و کەمتر بە شـیعرەوە دەبەسترێنەوە. شـیعر لـەم دیوانـەدا جەخـت لەسـەر گرنگیی بەرهەمهێنـان و پەرەگرتنـی بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە و ڕەسـەن دەکاتـەوە، ئەمـەش ئـەو ڕایـەی هایدیگـەر پشتڕاست دەکاتـەوە، کـە بیرکردنـەوە بـە پرسـێکی شـیعری دادەنێت: ((هایدیگـەر پێـی وایـە: بیرکردنـەوە شـیعرییە، نـەک بەواتـای شـیعرگوتن، یـان گۆرانـی. بیرکردنـەوە لـە بـوون ناوەڕۆکـی سـەرەکیی شیعرە و لـەم ڕووەوەیـە زمان دەبێت بە زمـان، چونکـە نـاوەڕۆک وەردەگرێـت. بیرکردنـەوە ئـەوە دەردەبڕێـت کـە ڕاستیی بـوون دەیسـەپێنێت. بیرکردنـەوە ئـەو زەمینـە شـیعرییەیە پرۆسـەی شـیعرگوتنی لەسـەر ڕادەوەسـتێت)). (محەممـەد کەمـال:٢٠١٧: ١٩٣)، واتـە شـیعر تەنیـا هەسـت و سـۆز نییـە، بەڵکـوو ڕەهەندێکـی ئاوەزمەندانەیشـی هەیـە و بـە بیرکردنـەوەوە پێوەندیـدارە. هـەر لەوێدا هایدیگـەر شـیعر بـە (ڕووداو) دادەنێـت، ڕووداویـش چەمکێکـی گرنگـی فەلسـەفییە. ئـالان بادیـۆ سـەبارەت بـە ڕووداو پێـی وایـە کـە هەمـوو (ڕوودان) ێـک نابێتـە (ڕووداو)، ڕووداو بریتییـە لـە دابـڕان لـە دۆخـی هەبـوو و باڵادەسـت، هێنانەئـارای دۆخێکـی تـازە و سیسـتمێکی نوێـی بیرکردنـەوە و ڕوانیـن، کـە نەچێتـەوە سـەر تەقلید و باڵادەستیی گوتـاری ئایدیۆلۆژیـک؛ دانانـی مەودایـەک لەنێـوان بیرکردنـەوە و دەسـەڵات، بـەو مانایـەی مـرۆڤ نەهێڵێـت دەسـەڵاتەکان داگیری بکـەن، ئـەو دەسـەڵاتانە وەک دەسـەڵاتی سیاسـی، ئایینـی و خێڵەکـی. (بادیـۆ: ٢٠١٦: ١٢).

بـە بۆچوونـی ئێمـە، پرۆسـەی شـیعر لـەم دیوانـەدا ڕوویداوە، دابڕانـە لـە دۆخێکـی هەبـووی باڵادەسـت، شـیعر دەیەوێـت تـاک ئـازاد بێـت و نەکەوێتـە بـن هەژموونـی دەسـەڵاتی ئایینـی و سیاسـی و خێڵەکـی، تێیـدا زمـان و ڕاستییەکان، ڕێگا و بیـرەکان نـوێ دەبنـەوە و ئەگـەری ڕێگای نـوێ دەخرێتـەڕوو، هـەروەک بـە شـێوەیەکی هونـەری و جـوان لـەم دێـڕەدا هاتـووە:

**ئەگەر ڕێگات ون کرد هەنگاو بنێ،**
**هەنگاوەکانی تۆ دەبنە ڕێگا.**
(مەلا: ٢٠١٦: ١٥٣).

ئەمـە کردنـەوەی دەرچـەی ئازادی و هۆشیارییە، فەردانییـەت و پشتبەخۆبەسـتنە، سـازاندنی ئیرادەیەکـی خۆگەڕایـە کـە بـۆ هەمـوو وەڵامێک نەچێتـەوە سـەر یـەک ئایدیۆلۆژیـا، کردنـەوەی ڕێگایەکـی تازەیـە، ڕێـگای خـود، نـەک ڕێـگای کۆنینـەی ئەوانـی دی.

شیعری ئەحمـەدی مەلا پێداگرییەکی زۆر لەسـەر هۆش/ هـزر دەکات و ئاگر پێیـەوە دەبەسـتێتەوە، شـاعیر دەچێتـە قووڵایی بیرکردنەوەوە:

**قسە لەگەڵ زمانت بکە**
**وەک چـۆن بیـر لـە بیرکردنـەوە دەکەیتـەوە.**
(مـەلا: ٢٠١٦: ٦٢).

(بیرکردنـەوە لـە بیرکردنـەوە) قوڵبوونەوەیەکی چـڕە بـەرەو سـنوورەکانی هـزر، بیرکردنـەوە

خۆی بیرکردنەوەیە لە شتێک، پرس و بابەتێک، بەڵام شاعیر ئەمە بە بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە قووڵتر دەکاتەوە، واتە لێرەدا خودی بیرکردنەوە، دەبێتە بابەتی بیرکردنەوە. شاعیر لەناو بەریان (بەستێن – بوارگە)یەکی هزریی بوونخوازانە شیعر دەهۆنێتەوە و لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

**خودی ڕووناکی بیرە. ئاوها دەبێ سەیری گەردوون بکەی.**
**تەنیا بە ڕووناکی شەوی بەستەڵەک شەق دەبێ....**
**گزنگەکان وەکوو لاولاو لە جەستەت دەئاڵێن...**
**ڕەگەکانت شێدار و سینەت دەکەنەوە بە چراخان.** (مەلا: ٢٠١٦: ٤٩).

کاتێ مرۆڤ بە زانین دەگات، (هزری) ڕۆشن دەبێتەوە. خۆڕایی نییە لە زمانی کوردیدا چەمکی (ڕووناکبیر/ ڕۆشنبیر) بۆ نووسەران و شاعیران بەکاردێت: ڕووناکبوونەوەی بیر، ڕووناکبوونەوەی ژیانە، کاتێ مرۆڤ دەگاتە ئاستێکی بەرز لە بیرکردنەوە و مرۆڤبوون و تێهزرین، بیری ڕووناک دەبێتەوە، دەبێتە ڕووناکبیر، لەناو بەندوباوی نەریتی کۆمەڵایەتی و خۆدانەپاڵ ئەم حزب و مەزهەب و ئایدیۆلۆژیا، بازدەدات بەرەو خۆبوون، ئەم بازدانە، بازێکە لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی و نیشتەجێبوون لە ناویدا. نیشتەجێبوونە لە ڕووناکی، نیشتەجێبوونە لە زانین و بوونی ڕەسەن، ئەمەش هەروا لەخۆوە وەدەست نایە، بەڵکوو بەندە بە ئەکتێک/کردەیەک لەلایەن مرۆڤەوە، وەک چۆن شاعیر لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

**تۆ تەنیا کردەیەک بکە...**
**کردەیەک لە نیازەوە بێ**
**کردەیەک ئاراستەی جیهان**
**مۆمێک بەرە بۆ سەر سەکۆکان...**
**سەحەربێ یا شەو، ئێوارە بێ یا نیوەڕۆژان...**
**مۆمێک داگیرسێنە لەناو جەرگەی بیرت،**
**هەنگاوەکان بەتەنیشت کانیاوەکانتدا**
**سێبەر بۆ مانگ دەکەن**
**شەو وەکوو ڕیس دەبێتەوە خوری**
**لبادەکان گوڵ دەگرن**
**جاجمەکان گەرموگوڕ**
**کۆڵەگەکان ئەستوورتر و بەهێزتر**
**دیرەگ لە چیاکانەوە تا دەشتاییەکان**
**مێخەک لەنێو سنووقەکان زاکیرەیان دەبووژێتەوە**
**شەوبۆ لەگەڵ بەیان**
**دەکەوێتە سەما..** (مەلا: ٢٠١٦: ٥٢).

ئەم جیهانە شیعرییە ساف و سازگارە، کە شاعیر باسی دەکات، بەستراوەتەوە بە خۆپێگەیاندن لە ئاستی بیرکردنەوە، ئەمەشی بە (هەڵکردنی مۆم لەناو جەرگەی بیر) گوزارشت لێ کردووە، واتە هەڵکردنی (ئاگر). ئەم ئاگرە چ فیزیکی بێ، یان سیمبۆلی پێوەندیدارە بە ڕووناکی و دەرچوون لە تاریکی، ئەمە سپاردنی ڕۆڵی داستانی ژیانە بە تاک، نەک بە هێزە دەرەکییەکان. کاتێ مرۆڤ جڵەوی بوونی خۆی دەداتە دەست هێزە دەرەکییان و بەپێی حوکمە سەپێنراوەکانی ئەوان بوون و ژیانی خۆی دادەمەزرێنێت، چیتر خۆی سەروەری ژیان و بوونی خۆی نییە، بەڵکوو ئەوان حوکمی دەکەن. لەناو ئەم جۆرە ژیانەشدا، ئەوە ڕووناکایی ڕووناکبوونەوەی خود نییە، کە دەڕژێتە ناو بەریان و بەستێنی ژیان، بەڵکوو خۆدرێژکردنەوە و خۆسەپاندنی هێزی تاریکی ئەوانە بەسەر تاکدا، بەمەش ڕووناکیی نوێ لەدایک نابێت، ئاگر هەڵناکرێت، چونکە لەناو حوکمە موتڵەقەکانی ئەواندا، چیتر جیاوازی و تاکایەتی ناژین.

کاتێ هەموو شتێکیش براوەتەوە، وەک مەزهەبگەراکان دەڵێن وەڵامی هەموو پرسیارێک دراوەتەوە، کاتێ هەموو شت بەپێی لۆژیکی ئایدیۆلۆژی هەڵدەسەنگێنرێت، چیتر ڕووناکایی نوێ گزنگ نادات، ئاگر دەکوژێتەوە، گزنگەکان دەچنەوە قۆزاخەی خۆیان و حەقیقەتی بوون دەشاردرێتەوە، بۆیە شاعیر ڕووناکی بە بیرەوە دەبەستێتەوە و زیاد لە جارێک دووبارەی دەکاتەوە کە (خودی ڕووناکی بیرە)، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر هۆشیاری، هۆشیاری سەرچاوەی نوێبوونەوەیە، نوێبوونەوەش جۆرێکە لە شەبەنگ و پرشنگدانەوە، ئەم پرسەش لای شاعیر بە ئاگرەوە بەستراوەتەوە.

**٧-٢ ئاگر لە بووژاندنەوەوە بۆ سووتاندن**

مانای زاڵی ئاگر لە (دیوانی گەڕانەوەی زەردەشت)دا مانایەکی ئەرێنی و بوونگەراییانەیە، بەڵام لێرەو لەوێ تین و تاوی ئاگرێکی سووتێنەریش هەڕەشە لە گزنگەکان دەکات، دەبێتە هێزێکی مەرگهێنەر و لەناوبەر بەسەر بووندا، ئاگرەکەش بە بوونی کوردەوە پێوەندیدارە، لە پێوەندیدا بە مێژووی ئایین و نەتەوە دراوسێکانی، کە بەناوی ئایین و بە پاساوی جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی، بوونی کوردیان ڕەت کردووەتەوە و ڕووبەڕووی هەڕەشە و لەناوبردنیان کردووەتەوە. شاعیر لێرەدا شیعر دەکاتە مانیفێستی بوونی کورد، بوونێک کە هەڕەشەیەکی مێژوویی بەردەوامی لەسەرە:

**ئاگرێک داگیرسابوو**
**لە ئوحودەوە دوام دەکەوت**
**لە خەندەقەوە**
**سنوورەکانم ئاگریان گرتووە**
**لەبەردەم ئەشکەوتەکانم**
**لایەکی زمانی دەقرتاندم**
**لایەکی بە مەڵاشومەوە دەنووساند**
(مەلا: ٢٠١٦: ٩٠).

شاعیر لەم دێڕانەدا سووتێنەریی ئاگر بەرجەستە دەکات، دەزانین ئاگر لێرە مانایەکی سیمبۆلیشی هەیە و ئاماژەیە بۆ داگیرکاریی ئایینی، بەڵام کام شەڕی ئایینی هەیە ئاگری وەک ئامرازی سووتاندن تێدا بەکارنەهاتبێت؟ توندڕۆیی تاک و گرووپەکان لەپێناو ئایین لەهەموو سەردەمەکاندا گەیشتووەتە ئاستێک، ئاگریش بکەنە کەرەستەی مرۆڤکوژی.

لێرەدا ئاگر ڕووناککەرەوەی بوون نییە، بەڵکوو لەژێر جەبری ئایدیۆلۆژییەتی ئایینی بووەتە سەرچاوەی مەرگ، لەم بارەدا ئاگر لەجیاتی ئەوەی ژیان ڕووناک بکاتەوە، دەیکوژێنێتەوە، لەبری ئەوەی ببێتە دەرخستن و (پەردە لەسەرلادان)ی بوون، دەبێتە شاردنەوە و (پەردە بەسەردادان). چۆن ئاگر دەبێتە تاریکی؟ ڕوونتر بڵێین: چۆن ڕووناکی دەبێتە تاریکی؟ چۆن لە هێزێکی بوونگەرایانەی بوونبەخشەوە دەبێتە هەڕەشە بەسەر بوونەوە؟

ئاگر لێرەدا ئاماژەیە بۆ داگیرکاری و خۆسەپێنی نەتەوەیی - ئایینی، کە لەگەڵ خۆیدا زمان بەهەردوو لایەکەی دەسووتێنێت:

**ئاگرێک داگیرسابوو**
**لایەکی زمانی دەقرتاندم**
**لایەکی بە مەڵاشومەوە دەنووساند.**
(مەلا: ٢٠١٦: ٩٠).

ئێمە پێمان وایە لەم کۆپلەیەدا دوو لایەکانی زمان، ئاماژەن بۆ دوو لایەنی وشەی (زمان) لە کوردیدا: وشەی زمان لە لایەک (زمانی قسەکردن Language) دەگرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە (ئەو پارچە گۆشتەی ناو دەم Tongue)، زمانی

قسەکردن ئاماژەیە بۆ کولتوور و فەرهەنگ، زمانی ناودەمیش ئاماژەیە بۆ جەستە، کە هەردووکیان نیشانەدەری حەقیقەتی داگیرکارین: هەمیشە جەنگەکان (لەپێناو هەرچی کرابێتن)، بەتایبەتی جەنگە ئایینییەکان، لەگەڵ خۆیاندا هەم جەستە دەشێوێنن، هەم ڕوح. جەستە ئەنجن و ڕوح بریندار دەکەن، هەر ماڵ و خانوو کاول ناکەن، بەڵکوو کولتوور و فەرهەنگ و شوناسیش دەشێوێنن.

کورد هەمیشە لەلایەن نەتەوەکانی سەردەستەوە ناسنامەکەی بەپاساوی ئایینی و نەتەوەیی بریندار کراوە. هەر کورد نا، زۆر لە نەتەوەکان لەکاتی داگیرکارییە ئایینییەکان، زمان و کولتووری خۆیان لەدەست داوە و زمانی داگیرکار تواندوویەتییەوە و لە هەموو بوارێکەوە خۆی سەپاندووە. (قەیس کاکل: ٢٠٢٠: ١٠٣).

کۆپلە شیعرییەکان ئاماژەن بۆ قرتاندنی زمانی ناودەم و زمانی نووسین لەلایەن مەزهەبگەراکان، کە لە ناوەکانی (ئوحود، خەندەق)دا دەردەکەون، ئوحود و خەندەق شەڕی ئایینی بوون. ئەوان بەهۆی ئایینەوە هەمیشە بوونی کوردیان داگیر و بریندارکردووە، ئێستاش ئەمە بەردەوامە و درێژەی هەیە؛ بوونی کورد بەشێکی زۆر لە شوناسی سڕاوەتەوە و کەوتووەتە ژێر جەبرییەتی عەقڵیی عەرەبیی ئایینی. کورد نەیتوانی وەک نەتەوەکانی (تورک، فارس، عەرەب) لە کاتی گۆڕین و دەستبەرداربوونی ئایینەکەی شوناسە نەتەوەییەکەی بپارێزێت، ئەمە بوونی کوردی کردە بوونێکی هەڵواسراو. بوونی هەڵواسراو بوونێکە خاوەنی بەهای ڕوحی و جەستەیی باڵا نییە، خاوەنی شوناسی ڕاستەقینە نییە؛ لە ڕەوتی مێژوودا کورد دەستبەرداری ئایینەکەی بوو، بەڵام نەیتوانی ئایینی شوێنگرەوە بکاتە بەهایەکی ژیاری و ڕوحی و ئاوێتەی شوناسە نەتەوەییەکەی بکات، لەمەوە شتێکی لەدەست دا و نەیتوانی ئەم بۆشاییە ڕوحییە بە شتێکی تر پڕ بکاتەوە. بەمانایەکی دیکە: کورد دەستبەرداری بەهایەک بوو کە هەزاران ساڵ باوانی لەگەڵیدا ژیابوون و بەشێک بوو لە نەستی دەستەجەمعییان و شێوازی ژیانیان بوو.

ئەم بۆشایی و هەڵواسرانە لە نەستی کورددا بووە جۆرێک لە برینێکی قووڵ و کەرتبوون، چونکە دەستبەرداربوونی ئایین بە ئارەزوومەندانە نەبوو، بەڵکوو بە ترس و داگیرکاری و هەڕەشە بووە. ئاخر ئایین هێندە دەچێتە ناخ و نەستی مرۆڤەوە تا دەبێتە پیرۆزی (موقەدەسات)، بۆیە مرۆڤ هەروا ئاسان لەپێناو ئایینێکی نوێدا، کە بە ڕوحی ئاشنا نییە، دەستبەرداری ئایینەکەی نابێت، ستاندنی ئایینێک و جێگیرکردنی یەکێکی تر لە شوێنی، کارێکی سەخت و ئەستەمە، مەگەر لەژێر هەڕەشە و تۆقاندندا نەبێت، هەروەک (ڕۆسۆ) دەڵێت: ((هیچ ڕێگایەک نییە بۆ وەرچەرخاندنی گەلێک لە ئایینەکەی جگە لە بەکۆیلەکردنی، هیچ مزگێنیدەرێک نییە جگە لە داگیرکەران)) (ڕۆسۆ: ٢٠١٦: ٢٢٩). کورد بەم پرۆسەیەدا تێپەڕی، ئەمە بۆی بووە دۆخێک لە هەڵواسران؛ هەڵواسران لەنێوان (دەستبەرداربوون) و (وەرگرتن)دا: نە ئەمی ماو نە ئەویشی وەرگرت. وەرگرتنەکە بۆی نەبووە بەهایەکی ڕوحیی بەرز، بەڵکوو زیاتر ڕووکەش و ئەنجامدانی چەند سرووتێکە. ئەم ڕەهەندی سڕینەوە و (زمان قرتاندنە) وای کردووە، کورد نەتوانێت بەو شێوەیەی کە پێویستە، ناسنامەی خۆی بەرجەستە بکات، بە پێچەوانەوە لەناو زمان و کولتووری داگیرکەردا توایەوە و بوونێکی شلۆق و شێواوی هەیە.

شاعیر ئاگاداره بەم برینانە و شوێنیان لە یادگەدا داناون و ڕوحیان داغان کردووە، بۆیە شیعر لەلای، دەبێتە زایەڵەی برینەکانی بوونە کوردییەکە، بوونی خوێنتێزاوی کورد لەژێر داگیرکاریی شەڕکەرانی ئایین، بەهۆی ئاگرەوە بەرجەستە دەکات و دەڵێت:

**لە بەدرەوە تا بەدرەو جەسان**

**لە دەردەوە تا ئەنفال**

**لە تاعونێکی زەردەوە تا ئازارەکانی هەشتا**

**لە دۆزەخی جیهانەوە تا حەوشەکانی ئەم بەهەشتە**

**ئاگرێک داگیرسابوو**

**زمانی نەبوو**

**هەزاران زمانە ئاگر**

**لوورەی دەهات بەرەو ئاسمانەکان**

**کتێبەکانی سووتاندم**

**خۆم لەسەر شۆستەکانی ژنێف دۆزییەوە**

**بەبێ زمان**

**وەکوو تولەسەگێک**

**خەون بە ڕەنگەوە ببینێ**

**خەون بە دەنگەوە ببینێ**

**ئاگرێک بوو مێژووی دەسووتاندم**

**تا ئەوەتا سووتووم.** (مەلا: ٢٠١٦: ٩٠-٩١).

(بەدرە و جەسان) دوو ناوچەی کوردستانن، دەکەونە سنووری نێوان باشووری کوردستان و عێراق. شاعیر لەم دێڕانەدا، بە ئاماژەیەکی شیعری: (لە بەدرەوە تا بەدرە و جەسان) دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسی (کات) و (شوێن): یەکەمیان (بەدر) پێوەندیدارە بە کاتێکی مێژوویی، ئەویش کاتی هەڵگیرسانی شەڕی (بەدر)ە لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام، ئەوەی تریش (بەدرە)یە کە شوێنێکی کوردستانە: بەدرە و جەسان شوێنی نیشتەجێبوونی کوردانن، کە هەمیشە کەوتووەتە ژێر تەپوتۆزی شەڕە ئایینی و مەزهەبی و تایفییەکان. ئەم مێژووی شەڕە ئایینییانە لە پێوەندیدا بە بوونی کوردەوە، لەو کاتەوە بەناو سەدە و ساڵەکان درێژدەبێتەوە و تا ئێستاش بەردەوامیی هەیە. شاعیر ئاماژە بە (ئەنفال)یش دەکات، هەموومان دەزانین ناوی یەکێکە لە سوورەتەکانی قورئان، (ڕژێمی بەعس) بەدەستبردن بۆ ئەم ئایەتە و لەژێر شەرعییەتی پیاوانی ئایین، کوردی کۆمەڵکوژ کرد، شاعیر ئەم ئازارەی بەرجەستەکردووەتەوە.

داگیرکاریی ئایینی هەڕەشە لە بوونە تاکایەتییەکەی شاعیریش دەکات، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاگردانەکەی:

**تاعون لەگەڵ ژەهراو لە بڵندگۆکانەوە دەگاتەوە بەر کوانووەکەم**

**ئاگردانەکەم جۆش دەدا**

**خەمێک تێکەڵی خۆڵەمێش دەبێ.**

(مەلا: ٢٠١٦: ٥٦).

شاعیر لە هاواری (ئەوان) کە بە (تاعوون) ناوی بردووە، نیگەران و غەمبارە، ئەمەی شاعیر لێرەدا باسی دەکات هاواری پیاوانی ئایینە، کاتێک لە بڵندگۆکانەوە هەڕەشە دەکەن، بانگەشەی توندوتیژی دەکەن و زۆربەیان پەیامەکەیان بە هاتوهاوار و تووڕەیی دەگەیەنن.

هاتوهاواری ئەوان هێندە بەرزە دەگاتە هەموو جێیەک، بۆیە دەنگی ئەوان لە لای، تاعوون/ دەردە، هەڕەشەیەکە و دەگاتە شوێنی نیشتەجێبوونی، شوێنەکەی بە شێوازێکی بوونخوازانە بەرجەستەکردووە، ئەویش لە وشەی (ئاگردان) دەردەکەوێت کە لانکەی ئاگرە، شوێنی هەڵکردنی ئاگرە.

ئاگردان جگە لە توخمی (ئاگر) پێوەندیی مرۆڤ و خاک نیشان دەدات وەک نیشتەجێبوون. ئاگردان لە قوڕ و بەرد، هەندێک جار تەنیا لە قوڕ(خۆڵ)

دروست دەکرێت: خۆڵ/ ئاخ، کە سەر بە زەوییە، لەشێوەی چاڵێکی بچووک هەڵدەکەنرێت و شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی مرۆڤ نیشان دەدات، نیشتەجێبوون بۆخۆی پرسێکی بوونگەراییانەیە کە لەلای شاعیر ئاگردان نوێنەرایەتی دەکات.

هایدیگەر لە وتاری (دروستکردن نیشتەجێبوون بیرکردنەوە) دروست کردن و نیشتەجێبوون بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پێی وایە هاوپێوەند و سەر بە یەکترین: لە هەرشوێنێک مرۆڤ نیشتەجێ ببێت لەوێ دروست دەکات، بەپێچەوانەوەش: لەکوێ دروستی کرد لەوێ نیشتەجێ دەبێت، ئەمەش نیشاندەری بیرکردنەوەیە. (:Heidegger building dwelling thinking: 1971: 143)(٦). مرۆڤ لە شوێنێک نیشتەجێ ببێت، لەوێ شوێنی حەوانەوە دروست دەکات، ئەم دروست کردنە جۆرێکە لە گۆڕینی زەوی لە سروشتەوە بۆ جیهانی ژیان، مانەوەی مرۆڤی پێوەبەندە، ئەم مانەوەیە لەلای شاعیر سەرچاوەکەی (ئاگردان)ـە، هەڵکردنی ئاگر کارێکە لەپێناو مانەوە.

شاعیر (خۆڵی) گۆڕیوە بۆ (ئاگردان)، بە زمانی هایدیگەر بڵێین: (زەوی)ی گۆڕیوە بۆ (جیهان). هایدیگەر پێی وایە لە کاری هونەریدا، هونەرمەند زەوی دەگۆڕێت بۆ جیهان. بۆ نموونە لە کاری پەیکەرتاشیدا، هونەرمەندەکە، بەرد کە سەر بە زەوییە دەیکاتە هونەر و پەیکەری لێ دروست دەکات. کارە هونەرییەکە (جیهان)ی هونەرمەندەکەیە، شاعیریش بە هەمان شێوە وشە دەگۆڕێت بۆ شیعر و داهێنانی پێ دەکات. (Heidegger: the origion of the work of the art: 1971: 33)، ئەمە بەرجەستەکردنی واقیعی مرۆڤە سەبارەت بە نیشتەجێبوون و لەلای شاعیر ئاگردان سیمبۆلیەتی، بەوەی پێوەندیی مرۆڤ بە شوێنەوە پێوەندییەکی داهێنەرانەیە و مرۆڤ زەوی دەگۆڕێت بۆ جیهان و دەیکاتە لانکەی ژیان. (ئاگردان، خانوو و کەرەستەکانی حەوانەوە) داهێنانی مرۆڤن بۆ ژیان و مانەوە، ئەمە لای باشلاریش دەبینینەوە، باشلار زۆر جوان لە خانوو دەدوێت، وەک ئامرازی مانەوە و پارێزگاریکردن لە بوون: ((خانوو بەهای مرۆڤی پێیە، مەزنیی مرۆڤی هەڵگرتووە، خانوو دەیسەلمێنێت مرۆڤ دەیەوێت لەسەر زەوی بژێت و بمێنێتەوە، خانوو دۆخی بەرگریی هەمیشەییە)). (Bachelard: ١٩٩٤: ٣٩)، ئەمە بۆ ئاگردانیش هەر ڕاستە، ئاگردانیش پێوەندی مرۆڤ و زەوی و جیهانی مرۆڤ نیشان دەدات، بەڵام جیهانی شاعیر لەژێر هەڕەشەی داگیرکاری بەرەو کوژانەوە دەچێت، بۆیە لە کۆپلەی سەرەوەدا شاعیر ئاماژەی بە (خۆڵەمێش) کردووە، خۆڵەمێش قۆناغی کوژانەوەی ئاگرە، بۆیەش شاعیر لە کوژانەوەی ئاگرەکەی نیگەران و غەمبارە.

ئەم دیوانە (گەڕانەوەی زەردەشت) کارکردنێکی هەمەلایەنەیە لەسەر جیهان و بوونی مرۆڤ، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی گوتارێکی مرۆڤدۆستانەی پشتبەستوو بە ژیاندۆستی، پێچەوانەی گوتاری توندڕەوان و مەرگدۆستان، لەمەشدا شاعیر پەنای بۆ ئاگر بردووە، وەک بنەمای ڕووناکی و سەرچاوەی ژیان، بەمەش ئاگر لە دیوانەکە ڕەهەندێکی بوونگەراییانەی وەرگرتووە.

## ئەنجامی توێژینەوە

١- ئاگر لە بوونی مرۆڤدا پرسێکی دانەبڕاوە، توخمێکی بنەڕەتی بوون و سەرچاوەیەکی سەرەکی مانەوەی مرۆڤە، بۆیە لە سەرەتای مێژووی مرۆڤەوە لە ئەفسانە و ئایین و فەلسەفە و ئەدەب باسی لێوە کراوە.

٢ - دیوانی گەڕانەوەی زەردەشت بە گزنگ داپۆشراوە، ئاگر لای ئەحمەدی مەلا دەبێتە وەگەڕخەری پرۆسە شیعرییەکە، بەڵام جارجاریش لەژێر هەڕەشەی ئایدیۆلۆژیا مەزهەبگەراکان گزنگەکان کز دەبن و ئاگرێکی سووتێنەر هەڕەشە لە گزنگەکانی شاعیر دەکات، ئەمە بەلای ئێمەوە ئەوە دەردەخات کە لە بوونی دێرینی کورددا ئاگر پیرۆز بووە، مامەڵەی کورد لەگەڵ ئاگر مەمەڵەیەکی ژیاندۆستانە بووە، بەڵام لای نەتەوە سەردەستەکان ئاگر بووەتە ئامرازی سووتاندن و سەرچاوەی مەرگ، کە زیاتر بەهۆی جیاوازیی ئایینی بووە، واتە مامەڵەی ئەوان لەگەڵ ئاگر مامەڵەیەکی مەرگدۆستانە بووە.

٣ - شاعیر ئاگری کردووەتە سیمبۆلی ئازادی و هۆشیاری و رووناککردنەوەی بیر، واتە رەهەندێکی تاکگەراییانە (Individual)ی هەیە، لەپاڵ ئەمەشدا ئاگر دەمانباتەوە سەر بوونە ئایینی و نەتەوەییەکەی کورد، لەمەشدا رەهەندێکی کۆگەراییانە (Collective)ی هەیە.

٤- ئاگر لەلای شاعیر دەبێتە هۆی دامەزراندنی گوتارێکی بوونگەراییانە و خاکدۆستانە، نیشتەجێبوون و دروستکردنی ئاگردان سیمبۆلێکە بۆ زەوی، بەمەش شیعر دەبێتە داهێنانی گوتارێک دژ بە میتافیزیک، یان دژ بەو گوتارە مەرگخوازەی لەپێناو بەخششێکی ئەو دنیا، ئامادەیە زەمین بسووتێنێت و مرۆڤ لەناوبەرێت، گوتاری شاعیر پێداگری لەسەر لێرەبوون دەکات و ئەمەکدارە بە زەوی.

**پەراوێزەکان:**

(٥) رۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)، بەرهەمی (جۆرج ئۆروێل) نموونەیەکی گرنگی وەرگەڕانی چاکە و شۆڕشە بەرەو خراپە و گەندەڵبوون، لەوێدا ئاژەڵان دوای ئەوەی لەپێناو رزگاربوون لە چەوساندنەوە و دنیایەکی چاکتر، شۆڕش دەکەن، دواتر خۆیان دەبنەوە خراپەکار و دەکەونە چەوساندنەوەی یەکتر. بڕوانە: مەزرای ئاژەڵان (٢٠٠٨)، جۆرج ئۆروێل، و: ئەدیب نادر، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

(٦) هایدیگەرناسان باس لەوە دەکەن، کە هایدیگەر بەهۆی نزیکی و هاوپەیوەستیی ئەم سێ چەمکە لەیەکتری، خۆی بواردووە لەوەی لەرووی خاڵبەندیشەوە لێکیان جیا بکاتەوە، بۆیە فاریزەی لەنێوانیان دانەناوە، بۆ ئەوەی زیاتر دەری بخات کە چەندە هاوپێوەندن. بڕوانە: رێبوار سیوەیلی (٢٠١٦): ١٣٩.

## سەرچاوەکان:

### کتێب

### بە کوردی


- ئەحمەدی مەلا (٢٠١٦)، گەڕانەوەی زەردەشت، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.
- ئەحمەدی مەلا (٢٠١٣)، مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشووقدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە.
- ئەدۆنیس (٢٠٠٩)، ستایشی شتە روون و پەنهانەکان، و: د. موحسین ئەحمەد عومەر، سلێمانی، بڵاوکراوەی پاشکۆی رەخنەی چاودێر.
- ئالان بادیۆ&سلاڤۆی ژیژەک (٢٠١٦)، فەلسەفە لە ئێستادا، و: دانا شوانی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە.
- ئیمانوێل کانت (٢٠١٧)، رۆشنگەری چییە؟ و: رێبین رەسووڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، سلێمانی، بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا.
- ئیمیل بریهێمە (٢٠٠٧)، مێژووی فەلسەفە، فەلسەفەی گریکی، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپی چراخان.
- ئیگزستانسیالیزم (٢٠١٨)، وەرگێڕان و ئامادەکردن: کارزان کاوسێن، هاوار محەمەد، بابان ئەنوەر، ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا.
- رێبوار سیوەیلی (٢٠١٢)، فەلسەفەی پێش

سوکراتییەکان لە تالیسەوە تا دیمۆکریتۆس، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ڕێبوار سیوەیلی (٢٠١٦)، کتێبی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، دەزگای زەریاب.
- قەیس کاکل (٢٠٢٠)، زمان و ئایین، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماد.
- مارتن هایدیگەر (٢٠١٣)، بوون و کات، و: د. محەمەد کەمال، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- د. محەمەد کەمال (٢٠١٧)، فەلسەفەی هونەر، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- پێشەوا کاکەیی (٢٠٢٠)، بونیادنانەوەی ڕووناکی لە گەڕانەوەی زەردەشتی ئەحمەدی مەلادا، چاپخانەی ئەندێشە.
- چارلز برێسلێر (٢٠٠٧)، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و: عەبدولخالق یەعقووبی، بڵاوکراوەی ئاراس.
- جۆرج ئۆروێل (٢٠٠٨)، مەزرای ئاژەڵان، و: ئەدیب نادر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- جۆن ماکواری (٢٠٠٧)، فەلسەفەی بوونگەرایی، و: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- جان جاک ڕۆسۆ (٢٠١٦)، پەیمانی کۆمەڵایەتی، و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.
- س. ئەخمانۆف و گرابەر پاسیک و پیترۆفسکی (٢٠٠١)، سەرەتایەک لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن، و: جەلال تەقی، چاپی دووەم، چاپەمەنیی زاموا.

**به ئینگلیزی**

Bertrand Russell(1972), the history of western philosophy, new York, simon&Schuster publishers.

Martin Heidegger(1971), building dwelling thimking, in poetry, language, thought, translated by albert Hofstadter, New York, Harper & Row publishers.

Martin Heidegger(1971), the origion of the work of the art, in poetry, language, thought, translated by albert Hofstadter, New York, Harper & Row publishers.

Martin Heidegger(1984), Early greek thinking, translated by: davidfarrel krell and frank a. Capuzzi, new York, harper&row publishers.

gaston Bachelard(1964), the psychoanalysis of fire, translated by: Alan C.M. ROSS, London, Routledge&keganpaul publisher.

Gaston Bachelard(1994), the poetics of space, translated by: maria jolas, beacon press.

**گۆڤار**

- پۆل ئێلوار، ئازادیی ڕەهای وشە، و: د. موحسین ئەحمەد عومەر، گۆڤاری شین، ژ ٣، ٢٠٠٤- جیرەڵد ئێل. برونز، شیعر لای لیڤیناس، و: پەیمان عەلی پوور، گۆڤاری شیعر، ژ ٣، ٢٠١٧.

**لینک/ نێت**

فەرهەنگی ئەناهیتا، ٢٠٢١:

- https://ferheng.info/alfba/25031

فەرهەنگی بریتانیکا، ٢٠٢١.

- https://www.britannica.com/topic/logos

ئەفسانەی پرۆمیسیەس: و: هاوکار فەرەج: ٢٠١٨:

- https://www.hawsani.org/view?n=27343
- https://aphelis.net/wp-content/uploads/2011/02/Martin-Heidegger-On-the-Essence-of-Truth.pdf.
- https://www.awene.com/detail?article=87481.
- https://study.com/academy/lesson/collective-unconscious-definition-examples.html.

* قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سۆران بەشی زمان و ئەدەبی کوردی.